**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان:40**

**رۆژی دەرهێنان:2004/10/6**

وێنەیەکی تەرجەمەکراوی دەقە عەرەبییەکەیە

پشت بە حوکمی برِگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی- عێراق و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە(49)ی رۆژی (2004/10/5)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو سەلاحییاتەش کە برِگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(10)ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، برِیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە(40)ی ساڵی 2004**

**یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(4)ی ساڵی (1998)ی**

**سەندیکای رۆژنامەوانان**

**ماددەی یەکەم:**

هەردوو برِگەی (د، ه)لە ماددەی یەکەم هەمواردەکرێن و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

د-رۆژنامەوان: هەر کەسێ کاری رۆژنامەوانی بکاو، ئینتیمای سەندیکاکەی کردبێ و ئیلتیزامی خۆی بەجێ هێنابێ.

ه-رۆژنامە(صحیفە): ئەو چاپکراوەیە کە لە ژێر ناوێکی دیارکراودا وبە زنجیرە ژمارەیەکی رێکوپێك، خولاوخول دەردەچێت و ئامادەدەکرێ بۆ بلاوکردنەوە لە ناو جەماوەردا.

**ماددەی دووەم:**

ماددەی(دووەم) لە یاساکە هەمواردەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(بەپێی ئەم یاسایە، سەندیکایێ بۆ رۆژنامەوانان سازدەدرێ، پێی دەڵێن سەندیکای رۆژنامەوانانی کوردستانی عیراق و، بارەگا سەرەکییەکەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێت و، بۆیشی هەیە لق لە پارێزگاکان و لە بەغدای پایتەختی عیراقی فیدراڵی بکاتەوە).

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی سێیەم لە یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

سەندیکای رۆژنامەوانانی کوردستان رێکخراوێکی پیشەییەو، شەخسییەتی مەعنەویی سەربەخۆی خۆی هەیە.

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی(چوارەم)هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

سەندیکا، بۆ وەدیهانینی ئەمانەی خوارەوە تێدەکۆشێ:

1-رێزگرتن و داکۆکی لە ئازادیی رۆژنامەوانی و ئازادیی رادەربرِین، هەروەها داکۆکی لە مافی رۆژنامەوانان و زامنکردنی پاراستنیان لە بەجێ هێنانی ئەرك و فرمانیاندا.

2-ئەرکی دەستکەوتنی دەنگوباس و زانیاریەکانیان بۆ ئاسان بکا.

3-وەرگرتنی سەندیکاکە لە یەکێتیگەلی رۆژنامەگەریی جیهانی و ئیقلیمیدا، هەروەها هەڵبەستنی پێڵ وپێوەندی لەگەڵیاندا.
4-ڤالکردنی رۆژنامەوانان بە هەموو شێوازێ بلوێ وبکرێ.
5-پشتیوانی و لایەنگرتن لە رۆژنامەوانان لە حاڵەتی زەروورەدا.
6-بەرجەستەکردنی رژێمی فیدراڵی، یان هەر شتێکی دی کە گەلی کوردستان خۆی بە دڵی بێ.
7-داکۆکی کردن لە بنەماکانی دیموکراسی و، ئازادییە بنەڕەتەکان و، ئاشتی و بنەماکانی مافی مرۆڤ.
8-پشتیوانی لە خەباتی گەلی کوردستان لە پێناوی وەدیهانینی مافە نەتەوەییەکانی خۆی و، رەواج پێدانی بنەمای لێبوردەیی و بێ زەبروزەنگی لە کۆمەڵگەداو، داکوتانی رەگی برابوونی نەتەوەیی وئایینی و یەکسانی لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا.
9-بەشداری کردن لە بنیادنانی دەوڵەتی دەزگاکاری و، بەهێزکردنی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.
10-پاراستنی سەروەرێتیی یاساو سەربەخۆیی دادوەری.
11-پاراستن و بەرەوچاکتر گۆڕینی رۆشنبیریی نەتەوەیی ونیشتمانی.

مادەی پێنجەم:

ماددەی(شەشەم) هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(رۆژنامەوانان لە سجلی گشتیی سەندیکادا دەکرێن بە سێ پۆل:

یەکەم: رۆژنامەوانی بەرمەشق: ئەو کەسەیە کە هەر سێ کەناڵەکەی رۆژنامەگەریی کردووە بە پیشەی سەرەکیی خۆی. تا دوو ساڵی لەسەریەکیش بەسەر پیادەکردنی ئەم پیشەیەیدا تێنەپەڕێ و ناویشی لە سجلی گشتیدا تۆمارنەکرێ و لەو لایەنەوەش کە ئیشی تێدا دەکا تەئییدنەکرێ، نازناوی (رۆژنامەوانی کارا)ی پێ نابەخشرێ وهیچ ئیمتیازێکی وەك ئیمتیازەکانی رۆژنامەوانی کارای پێ نادرێ تا ئەوکاتەی کە ناوی خۆی دەگوازێتەوە بۆ ناو لیستی ئەو پۆلە، جا، ئەوجا ماوەی مەشقەکەی دەخرێتە سەر ماوەی خزمەتەکەی. ماوەی پلەکارییش بۆ کەسێ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە رۆژنامەگەری و راگەیاندن یان لە هاوتاکانی ئەو بڕوانامەیەدا هەبێ، یەك ساڵە.

دووەم: رۆژنامەوانی کارا: ئەو کەسەیە، کە بەرەفتار لە هەرسێ کەناڵەکانی رۆژنامەگەریدا، دوو ساڵ کاری کردووە، یان دوو ساڵە کاری تێدا دەکات و کردوونی بە پیشەی سەرەکیی خۆی و، ئەو ماوەیەش کە لە بڕگەی یەکەمدا دیارکراوە بەسەر ئیشەکەیدا تێپەڕبووە.

سێیەم: رۆژنامەوانی هاوپشك: ئەو کەسەیە کە ئیش وکاری رۆژنامەوانی دەکا، بەڵام نەیکردووە بە پیشەی سەرەکیی خۆی و، بەڵگەی ئەوەشی گرێبەستیگەلێکە کە لایەنە پێوەندیدارەکان بۆی دەسەلێنن. مافی ئەوەشی هەیە پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك کە لە پێنج ساڵی لەسەریەك کەمتر نەبێ ناوی خۆی بگوازێتەوە بۆ سجلی گشتیی رۆژنامەوانان و، پیشەی رۆژنامەگەرییەکەشی بکات بە پیشەی هەمیشەیی خۆی.

ماددەی شەشەم:

ماددەی حەوتەم و ریزبەندییەکەی هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
1-هەیئە (دەستە)ی گشتیی.
2-نەقیب.
3-لیژنەی زەپتی.
4-لیژنەی ریقابە.
5-لقەکانی سەندیکاکە.

ماددەی حەوتەم:

ماددەی(هەشتەم)لە یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
1-دەبێ هاوولاتی هەرێمی کوردستان بێت یان لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بێت.
2-دەبێ ئەهلییەتی پیشەیی و یاسایی هەبێت.
3-بە جینایەتێ یان بە جونحەیەکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێ.
4-دەبێ عینوانێ لە عینوانە ڕۆژنامەگەرییەکانی ماددەی(23)ی هەبێ.

**ماددەی هەشتەم:**

ماددەی نۆیەم بە هەردوو بڕگەکەشییەوە هەمواردەکرێ‌و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
بەئەندامبوونی سەندیکا بەم جۆرە دەبێ:

1-داوایەك، بە نووسین پێشکەش بکا بە ئەنجومەنی سەندیکا، ئەو ماددە ڕۆژنامەوانیانەی لەگەڵدابێ کە خۆی بلاَوی کردوونەوە یان هەرشتێکەدی گەواهی ئەوە بدات کە ئیشی ڕۆژنامەوانیی کردووە، ئەنجومەنیش پێویستە لە ماوەی سی ڕۆژدا، کە لە ڕۆژی تۆمارکردنی داواکەیەوە دەست پێ‌دەکا، سەیری داواکەی بکاو یەکلای بکاتەوە. خۆ ئەگەر هات و ماوەکەش تێبەڕی وهێشتا داواکەش بە بنبڕی سەیر نەکرابوو، ئەوە، لەو بارەدا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە قبوڵکراو لەقەڵەم دەدرێ.

2-ئەگەر داواکە قبوڵ نەکرا، لایەنی پێوەندیدار پێویستە هۆی قبوڵ نەکردنەکەی پیشان بدات، داواکارەکەش بۆی هەیە، لە ماوەی پازدە ڕۆژدا، کە لە ڕۆژی تەبلیغەوە دەست پێ‌دەکات، یان بە تەبلیغ کراو دادەنرێ، لە دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستانی عیراق تانە لە بڕیاری قبوڵنەکردنەکە بدات، ئیدی بریاری تەمییز بنبڕە.

**ماددەی نۆیەم:**

ماددەی (دەیەم) لە یاساکە هەمواردەکرێ‌و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخۆیندرێتەوە:

1-دەستەی گشتی بالاَترین دەسەلاَتە لە سەندیکاکەداو، هەموو ئەو ڕۆژنامەوانە کارا مونتەسیبانە دەگرێتەوە کە ئیلتیزاماتی خۆیان بەپێودانگی ئەم یاسایە بەجێ‌هێناوە.

2-دەستەی گشتی، کۆنگرەی خۆی، لە بارەگاکەی خۆیدا سێ ساڵ جارێك کە لەرۆژی هەڵبژاردنەکەیەوە دەست پێ دەکا بە بڕیاری ئەنجومەن و لەسەر داوای نەقیب دەبەستێ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەنەیکاو سێ ئەندامی یەدەگ و هەردوو لیژنەی زەپتی و ریقابە بە دەنگدانی نهێنی.
(نصاب) یش بە ئامادەبوونی دوو سێیەکی ئەندامانی هەیئەی گشتی دێتەجێ.

لە حاڵەتێکیشدا (نصاب) نەهاتە جێ، ئەوە لەو بارەدا هەڵبژاردن پاش پازدە ڕۆژ لە کۆبوونەوەی یەکەم لە هەمان کات ولە هەمان جێگەدا ئەنجام دەدرێ، جا، ئەوجا (نصاب) بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکان دێتەجێ و، دوو سێیەکی ئەندامانی سەندیکاکەش بۆیان هەیە، لە کاتی پێویستدا داوای کۆنگرەبەستن بکەن.

3- لە بارێکدا، ئەگەر ژمارەی ئەندامانی هەیئەکە (دەستەکە) لە پێنج سەد ئەندام پتربوون، ئەوە، لەو بارەدا، هەڵبژاردن لە ڕێگای مەندوبەکانەوە (نوێنەرەکانەوە) ئەنجام دەدرێ و، ڕێژەی نواندنیش لە لایەن ئەنجومەنەوە، یان لە لایەن جێگری ئەنجومەنەکەوە دیاردەکرێ بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاشەوە.

4- هەیئەی گشتی، بە دەنگی دوو سێیەکی ئامادەبووان، مافی هەڵوەشاندنەوەی سەندیکاکەی هەیە.

**ماددەی دەیەم:**

(ماددەی یازدە) هەموار دەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
هەیئەی گشتی ، هەر سێ ساڵ جارێك بە ئامادەبوونی ئەندامەکانی لە کۆنگرەیەکدا کۆدەبێتەوە و، بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگ دەردەهێنێ و، گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتگەل و کاروباری سەندیکاو حساب و حسابکاری دەکاو راسپاردەی خۆیشی لە بارەیانەوە پێشکەش دەکات.

**ماددەی یازدە:**

(ماددەی دوازدە) لە یاساکە هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

1- مەرجە، ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا، بە نەقیبیشەوە، سێ ساڵ بەسەر وەرگرتنی پلەی ئەندامی کاراییاندا تێپەڕیبێت.

2- ناشێ، ئەندامێتی ، لەو لیژنانەدا کە هەیئەی گشتی هەڵیبژاردوون، پێکەوە کۆبکرێنەوە.

**ماددەی دوازدە:**

(ماددەی چواردە) لە یاساکە لەغودەکرێ و، ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:

1- نەقیب راستەوخۆ لە لایەن هەیئەی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێت و، ناشێ بۆ زیاتر لە دوو خولی دوابەدوای یەك خۆی بۆ پلەی نەقیب بپالێوێ.

1- نەقیب ناشێ سەرۆکایەتیی دوو کۆمەڵەی هاوشێوە لە ئامانج و مەبەستدا وەربگرێ.

**مادەی سیازدە:**

(ماددەی پازدە) لە یاساکە هەموار دەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

1-لیژنەی ریقابە: لە سەرۆکێك و دوو ئەندام پێك دێت، ئیشیشی ئەوەیە تەدقیقی خەسڵەتی ئەندامێتی بکاو، بزانێ تا چەند لەگەڵ شەرتوشرووتی یاساییدا یەك دەگرێتەوە.

2- لیژنەی زەپتی: لە سەرۆکێك و دوو ئەندام پێك دێت، ئیشیشی ئەوەیە لەو شکات وسکالآیانە بپێچێتەوە کە لە ئەنجومەنەوە بۆی هەواڵە دەکرێ، تا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە یەکلاییان بکاتەوە.

**ماددی چواردە:**

بڕگەی (1) لە ماددەی شازدە هەموار دەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

1-سەندیکا بۆی هەیە لە پارێزگاکاندا لق بکاتەوە. لیژنەی لق لە پێنج ئەندام پێك دێت، ئەندامانی لق، لەو رۆژنامەوانەکاراییانەی لە پارێزگاکەدا بە پیشەی رۆژنامەگەرییەوە خەریکن هەڵیاندەبژێرن.

**ماددەی پازدە:**

برگەی (4) لە ماددەی نۆزدە هەموار دەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

4- رۆژنامەوانێ، بەپێی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی رۆژنامەوانانی هەرێم خانەنشین کرابێ، دەشێ، لە رێگای گرێبەستیی کارەوە لە دامودەزگای رۆژنامەگەری و ڕاگەیاند ندا ئیش بکات بە رەچاوکردنی ئیمتیازەکانی رۆژنامەوانی کارا.

**ماددەی شازدە:**

برگەی (6) لە ماددەی بیست هەموار دەكرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

6-بڕوالەفكردن بە سیستەمی فیدراڵی و ئاواتەكانی گەلی كوردستان و مافی چارەی خۆنووسین و ئاسایشی هاووڵاتیان بە رێگای راستەوخۆ یان لابەلا و، وروژاندنی غەریزەی جەماوەر، سابەهەر رێگایەك دەبێ، ببێ.

**ماددەی حەڤدە:**

بەندی (سێیەم)لە ماددەی بیست ویەك هەمواردەكرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

سێیەم:رۆژنامەوانێ سزا درابێ، مافی ئەوەی هەیە لە ماوەی سی رۆژدا- كە لە رۆژی تەبلیغەوە دەست پێ دەكا -، لە بەردەمی دادگای تەمییزدا تانە لە بڕیارەكانی قەدەغەكردن و دەركردن بدات كە ئەنجومەنی سەندیكا دەری هێناون. سزاش ناخرێتە بەركار تا نەگاتە پلەی یەكلابوونەوەو بنبڕی.

**ماددەی هەژدە:**

بڕگەی(شەشەم) لە ماددەی بیست ودوو هەمواردەكرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

6 – داهاتی چاپەمەنیەكانی سەندیكا.

**ماددەی نۆزدە:**

ماددەی بیست وسێ هەموار دەكرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

رۆژنامەوان ئەوكەسەیە كە یەكێ لەم عینوانانەی خوارەوەی هەیە:

1. خاوەن ئیمتیاز
2. سەرنووسەر
3. جێگری سەرنووسەر
4. بەڕێوەبەری نووسین
5. سكرتێری نووسین
6. نووسەر
7. وەرگێڕی رۆژنامەوانی
8. پەیامنێری رۆژنامەگەری
9. وێنەگری رۆژنامەگەری
10. شێوەكارو(كاریكاتێر كار)ی رۆژنامەگەری
11. تەصمیمكاری رۆژنامە
12. هەڵەچنی رۆژنامە
13. رێكخەری ئەرشیفی رۆژنامەگەری
14. ژنەفتكاری رۆژنامەوانی

**ماددەی بیست:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەركار.

**ماددەی بیست و یەك:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان) دا دەخرێتە بەركار.

**د.كمال عبدالكريم فؤاد**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی ـ عیراق**